**کۆڵ نادەین تا زیندانەکانی دیپۆرتکردنەوە دانەخرێن**

لە بەرواری 16 ئابی 2021 دا زیندانەکان ناردنەوە و دیپۆرت پەناهەندەکان لە شاری گلوکشتادت کەوتنە کار.
ئەم زیندانە لەلایەن ویلایەتی شلێسڤیک هۆلشتاین و هامبۆرگ و مێکلینبۆرگ فۆرپۆمنەوە بەکار دەهێنرێت.
گومانکردن لەوەی کە کەسێک هەوڵدەدات خۆی لە دیپۆتکردن دەرباز بکات بەسە بۆ دەستگیرکردنی ئەو کەسە.
بۆ زۆربەی دەستگیرکراوەکان، زیندانیکردنەکە بە دیپۆرت کردنەوەیان کۆتایی دێت. لەوکاتەوەی کە ئەم زیندانیە کراوەتەوە زیاد لە 500 زیندانی لەخۆی گرتوە.
ئەوەی کە زۆر ڕوون و ئاشکرا بووە کە ئەوەی حکومەتی هەرێمی شلێزڤیگ-هۆڵشتاین ڕایدەگەیەنێت کە "ئەم شوێنانە گوایا تەنها بۆ ژیان کردنەی پەناهەندەکانە لەژێر چاودێریدا " گاڵتەجاڕی و درۆ و دەلەسەیە .
وایەری دڕکاوی، دیوارێکی بەرزی شەش مەتری، دیاری کردنی کاتی داخستن، حەوشەیەکی قەدەغەکراو
هەروەها ژووری جیاکراوە وداخراو، تەواو پێچەوانەی ئازادیە.
دەستبەسەرگەراوەکان بەردەوام ڕاپۆرت دەدەن لەسەر بارودۆخی خراپ و بەرگەنەگرتووی ئەم زیندانە ، وە بەرگری نیشان دەدەن، جا لە ڕێگەی مانگرتنی برسێتییەوە بێت یان هەوڵدان بۆ دەربازبوون . فشاری دەروونی لەسەر دەستگیرکراوەکان زۆر گەورەیە بەهۆی ئەو ژینگەیەوە کە تیایدا دەژین و ئەو مامەڵە نادادپەروەرانە ویەو بێبەشکردنیان لە ئازادی.
پزیشکی چاودێریکردنی زیندانییەکان وبارو دۆخی تەندروستی لەوێ کارەساتە . هەروەها بۆ چەنجارێک هەوڵدانی خۆکوژی و خۆ بویندارکردن لە ناو زیندانیکراوەکانەوە ڕووی داوە. دوو جار ئاگرکەوتنەوە لە زیندانەکەدا هەبووە بەهۆی ئەوەی زیندانییەک هێندە نائومێدبوە دۆشەگی خەوەکەی خۆی گڕتێبەرداوە. مانگرتن لە خواردن و هەوڵی خۆکوژی و هەوڵدانی هەڵهاتن نیشان دەدات کە چەند ئەو دەستبەسەرگیراوانە بێ هیوا و بێ ئومێدن لەو شوێنەدا.
زیندانی و دیپۆرتکردن توخمێکی تری ڕێگریی سیستماتیکیە و تاوانێکی دیکەیە دژ بە هەڵهاتنی پەنابەران . جگە لە
توندکردنەوەی یاساکانی پەنابەری کە هێزەکانی ئەورۆپا هەمیشە یاسای دەرکردنی توندتر و
بەدرێژایی چەندین ساڵ قەڵای ئەوروپا کە دیوارەکانی بەرزتر دروست دەکات ئەم زیندانیەی گلوکشتادتیش
یەکێکی دیکە لە هێماکانی بەهێز کردن و داخستنی سنوورەکانە لەلایەن ئەڵمانیا و ئەوروپاوە.
با هاودەنگی و پشتگیریمان لە دژی ئەم سیاسەتە گۆشەگیرییە دەرببڕین : ئازادی تەنها کاتێک هەیە وبرقەرار دەبێت گەر بۆ هە موو مرۆڤەکان بێ جیاوازی لە جیهاندا هەبێت .

هەتا زیندان بەردەوام بێت، ئێمە داوای ئازادی هەمووان دەکەین و بەردەوام دەبین لە تێکۆشان . پێویستە بەرگرییە بەهێزەکەیان ببیسترێت و بگاتە جیهانی دەرەوە .

ئازادی بۆ هەموو زیندانییەکان ! تا ئەو کاتەی زیندانەکە دادەخرێت !

دژی هەموو دیپۆرتکردنەوەیەک و هەموو زیندانێکی دیپۆرتکردنەوە تێدەکۆشین !

بۆ ئەم مەبەستە لەم کات و شوێنەدا خۆپیشاندان دەکەین

**ڕۆژی شەممە 25.05.2024 کاتژمێر 13 واتا یەکی دوانیوەڕۆ لەبەردەم بانهۆفی گلوکشتادت دەستپێدەکەین بە ڕێپێوان بەرەو زیندانی گلکشتادت. تا کاتژمێر 15.30 لەبەردەم زیندانەکەی گلوکشتادت دەمێنینەوە**

**Demonstration: Samstag, 25.05.2024 // Start 13 Uhr Bahnhof Glückstadt // Abschlusskundgebung ca. 15:30h vor dem Knast**